# دەستپێکردنی پڕۆژەی ئۆتۆماتیکیکردنی مامۆستایی فڕشتن و گواستنەوەی موڵک لە وەزارەتی داد



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، پڕۆژەی بەدیجیتاڵکردنی مامۆستایی کڕین و فڕشتن و گواستنەوەی خاوەندارێتی لە فەرمانگەی گشتیی تۆماری خانوبەرەی سەر بە وەزارەتی داد ڕاگەیاند؛ هاوکات ڕێنمایی دا بە کارکردن بۆ پشکشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان لەگەڵ مسۆگەرکردنی تەواوکردنی مامۆستایان و پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی زانیارییەکان.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، ڕایگەیاند: محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیران، لە ڕێگەی بازنەیەکی تەلەفزیۆنییەوە، پڕۆژەی بەدیجیتاڵکردنی مامۆستایانی کڕین و فڕشتن و گواستنەوەی خاوەندارێتی لە فەرمانگەی گشتیی تۆماری خانوبەرە و لەقکانی سەر بە وەزارەتی داد ڕاگەیاند.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، سەرۆکوەزیران پیرۆزبایی لە هەموو کارمەندانی ئەم پڕۆژە گرنگە کرد کە لەگەڵ ئاراستەی حکومەت بۆ چاکسازیی کارگێڕی و دارایی و شەفافیەت لە مامۆستایاندا دێگونجێت، بەتایبەت ئەوانەی پێیوەندییان بە مافی هاووڵاتییانەوە هەیە، جەختیشی کردەوە کە فەرمانگەی تۆماری خانوبەرە

یەکەکە لە فەرمانگانی دەوڵەت کە زۆرترین سەردانیکردنی هاووڵاتیيانی هەیە بۆیە پێویستی کارەکانی بە مافی خاوەندارێتی و گواستنەوەی.

ئاماژەی بۆش کرد کە ئەم پڕۆژەیە هەنگاوێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی کێشە و سنووردانان بۆ دواکەوتنی تەواوکردنی مامەڵەکان ، ئەمە هەنگاوێکی پاستە لە ئاراستەی چاکسازیی کارگێڕی و گۆڕانکاری لە سیستمی کاغەزییەوە بۆ سیستمی ئەلیکترۆنی کە حکومەت لە چەندین جومگەدا کاری لەسەر کردووە بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریی دیجیتاڵی و هاوتەریببوون لەگەڵ پێشکەوتنی خێرای جیهان.

سەرکۆزیران جەختی کردەوە کە سیستمی ناو ئەم پڕۆژەیە پێویستی بە وردبینی زیاتر و نوێکردنەوەی بەردەوام هەیە تاوەکو دنیابین لەوەی جێبەجێکردنەکەی بە شێوەیەکی دروست دەبێت، و پێویستە کارمەندانی ئەم سیستمە خاوەن شارەزایی و لێهاتوویی پێویست بن.

سودانی نوێنمایی دا بە کارکردن بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیيان لەگەڵ مسۆگەرکردنی تەواوکردنی مامەڵەکان و پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی زانیارییەکان بە باشترین شێوە بە پاراستنی مۆک و مافی هاووڵاتیيان،جەختیشی لەسەر گرنگیی پێسپاردنی بەستنەوە بە فەرمانگە پێیوەندیدارەکانی تریش کردەوە، کە تێیدا نوێنمایی دەدرێت وەزارەتەکانی ناوخۆ و دارایی بۆ خێراکردنی تەواوکردنی کارەکانی بەستنەوەی ئەلیکترۆنی بە مۆبەستی تەواوکردنی پێسپاردنی وردبینی و جێبەجێکردنی مامەڵەکان.